هاوڵاتی
lawan_hawlati@yahoo.com
ژمارە (٥٨٠) چوارشەممە ٢٠٠٩/١١/٢٥

# "هەندێ ڕێکخراوی ژنان پیازیش پاکناکەن، پیازپاککردن لەکۆتایدا بەرهەمە، ئەوان بێبەرهەمن"

## ڕێگا ڕەئوف بۆ هاوڵاتی

ڕەحمان غەریب - سلێمانی

**ئەو لەگەڵ کۆمەڵێك لە هەڵسوڕاوانی تری کۆمۆنیستی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانیان دامەزراند پاشان خانەی پارێزگاری لە ژنان، کۆمەڵێك ئەستێرەی دیاری ناو بزوتنەوەی ئافرەتانی کوردستان بوون، لەپڕێکدا هەندێ لەو ئەستێرانە کشان، ڕێکخراوەکەیشیان بوو بە قوربانی ئەو توندتیژیە چەکداریەی کوردستانی گرتەوە، ئێستا ئەو یەکێکە لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق، هاوڵاتی چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کرد کە ئەو هەندێکی بە پرسیاری "ئیستفزازی" وەسفکرد.**



### بەشی یەکەم

**هاوڵاتی:** تۆو هاوڕێکانت کاتێکی زۆرتان سەرفکردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرانبەر ژنانو کچان ئێستا وەزعەکە چۆن دەبینن؟

**ڕێگا ڕەئوف:** حەتمەن ئامارێکی دەقیقم لەلا نییە بڵێم وەزعی ژنان بەرو باشتر ڕۆشتووە، لە باری ئەو توندوتیژییەی دەکرێت، بەو شکڵەی من دەیبینم ژنان بەرەو دواوە ڕۆشتووە. لە ناحییە چەوساندنەوەی کەمیکردبێت؟ زۆر گومانم هەیە.

**هاوڵاتی:** ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە ئێوە بەردەوام نارازین؟

**ڕێگا ڕەئوف:** ئەوەی من بەدیم کردووە بەرەو دواوە ڕۆشتووە، لەو ساڵانەی ئاخیردا دیفاع لە خۆ کردنو چەسپبوون لە شوێنی خۆیانو مانەوە جۆرە کارکردنو ڕازی بەو وەزعەی کە هەیە یان خۆگرتن بە ڕۆتینەوە لەو جۆرە کارانە ڕاستیەکەی لە نێوان سەنتەری ژنانو ڕێکخراوەکانیدا دڵخۆشکەرن نین بۆ پێشەوە ڕۆشتبێت.

**هاوڵاتی:** هەندێ هەمواركردن لە یاساکە کراوە پێتوانیە یاسای باری کەسێتی هەنگاوێك بێت بۆ پێشەوە؟

**ڕێگا ڕەئوف:** بەڵێ ڕاستە، بەڵام کە یاسات گۆڕی بە گۆڕینی یاسا تەواوی کارەکان تەواو نابێت، یەعنی لە یاسا گۆڕینی ٢٤ سەعات عەقڵی خەڵك ناگۆڕێت کاری دووەمی یاسا ئەوەیە لە هەموو لایەنەکان تەتبیق بکرێت، ڕوویەکی تر دەبوایە ئێستا سەنتەرەکانی پارێزگاری لە ژنان لەئاستێکی تردا بوایە.

**هاوڵاتی:** ئێوە بەردەوام سەنتەرەکانی خۆتانو ڕێکخراوەکانی خۆتان لەپێشەوەی بزوتنەوەی ئافرەتان وەسف دەکەن، ئەی خۆ ئەوانەی تر پیاز پاك ناکەن؟

**ڕێگا ڕەئوف:** هەندێ هەر ناون، پیازپاککردن لە کۆتایدا کارەو بەرهەمی هەیە، ئەوان بێبەرهەمن لەپاش ڕاپەڕینەوە هەوڵدەدەین بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی ئافرەتان ئێمە کەسەنتەرمان هەبوو، کەس نەدیدەوێرا قوربانییەك بپارێزێت، ئێستاش هەندێ ڕێکخراو ژنێکیان پێ ناپارێزرێت، دەبوایە سەنتەرێکی بۆ پارستنی قوربانیانی توندو تیژی بهاتایەتە ئاراوە، بەڵام بێدەنگنو ڕۆژ بە ڕۆژ دەکەونە پەراوێزی خەباتی یەکسانیخوازی، من وای دەبینم ئەو ڕێکخراوانە لەحاشیەن هیچیان دیار نییە نە پیازپاکردنو نەکارەکەی خۆشیان دەکەن.

**هاوڵاتی:** ئێستا ئێوە لە کوێن؟ زەمانێك دونیاتان پڕکردبوو لە دروشمی یەکسانیخوایو پاراستنی قوربانیانی توندوتیژی لە کۆتایشدا ئەوەتا هەریەکەو لە وڵاتیکدان وانیە؟

**ڕێگا ڕەئوف:** تۆ دەتەوێت ئیستیفزازم بکەیت چاوپێکەوتنەکە بکەیتە دادگایکردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان؟

**هاوڵاتی:** بەڵام ئەوانە پرسیاری واقیعێکن کە هەبوون من هیچم لە گیرفانی هاوڵاتییەوە دەرنەهێناوە وانیە؟

**ڕێگا ڕەئوف:** بە موبالەغە ناڵێم ئەوە شتێکە ئینسان ناتوانیت گرەوی لەگەڵ بکات شتێکی تاریخیە بوونی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، خەڵکیش وامان پێدەڵێن، خۆشم تەواوو قەناعەتم هەیە بەوەی ئێمە ڕێکخراوێکی بە توانا بووین، هیچ سازشو هیچ جۆرە ئەگەرێکمان نەبوو لەسەر قەزیەی ژنان، بۆ نموونە ژنێك لە وانەی هاتووەتە لای ئێمە، ئێمە دیفاعمان لێکردووە دەستاودەستمان پێنەکردووە، ئێمە ڕێکخراوێکی پرۆفیشناڵ بووین.

**هاوڵاتی:** بەڵام ئەو ساڵانە سەرەتای کارەکان بوون نە ئێوەو نە ڕێکخراوی تریش ئەو ئەزموونەی ئێستاتان نەبوو، چۆن باس لە پرۆفیشناڵی دەکەیت؟

**ڕێگا ڕەئوف:** حەتمەن بەڵێنی

> **کاری ڕێکخراو لەگەڵ کاری حیزبی زۆر تێکەڵ بوو، ئەوانە هەڵە بوو هەر ئەوەش بوو وایکرد کە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بە ڕێکخراوێکی حیزبی بناسرێت هەر چەنە حیزبی نەبوو**

ساڵەکانی ٩٠ جۆرێك لە کارکردنمان هەبووە ئێستاش جۆرێکی تر لە کارکردنمان هەیە، حەتمەن بەڵام دڵنیام دەورێکی تاریخیمان بینی، ئێمە تاکە ڕێکخراو بووین کە دەستمان کرد بە کردنەوە ڕێکخراوی سەنتەری پارێزگاری ژنان، یەکەم ڕێکخراو بووین قسەمان لە سەر کوشتنی ژن کردووە بە بەڵگەوە کە ڕێکخراومان پێکهێنا یەك دانەش لەسەر ڕێکخراوەکانی ژن قسەیان نەکردووە لەسەر کێشەی کوشتنی ژن، ئەوکات بەلێشاو کوشتنی ژن هەبووە بۆیە تێدەگەیت بوونی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان شتێك نییە لە خۆمەوە لە دڵەوە بیڵێم یان بۆ ڕازی بوونی خۆمان بیڵێم ئەوە.

**هاوڵاتی:** دیسانەوە باس لە پێشڕەوێتییە، ئێوە ئێوە پێشەنگ بوون؟ واتە پێش ئێوە ساحەکە چۆڵ بووە وانییە؟

**ڕێگا ڕەئوف:** ئەمە شتێکە خەڵك باسی دەکات ئێمە دەستمان هەبووە لە ئاڵوگۆڕی لەو دەورانەیە هەبووە حەتمەن دەستی باشمان هەبووە لە پاراستنی ژنان ئەوانی تریش هەبوون، کاری هاوبەشمان کردووە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان چەندین نموونەمان لە کارکردن پیشانداوە ئەوەی وتم کردنەوەی خانەی ئەمنی بۆ ژنان کە دەتوانم بە عەمەلی ژنان بپارێزرێت، ئەو کات دەوڵەت نەبێت یا دامودەزگایەك نەبێت پارێزگاری لە ژنان بکات، بە عەمەلی ئێمە ئەو ئەزموونەمان پیشانی بزوتنەوەی ژنانو کۆمەڵگادا.

**هاوڵاتی:** ئێستا خانەی پارێزگاری هەیە، سەنتەرەکەی ئێوە دیار نییە، بۆ؟

**ڕێگا ڕەئوف:** ئێستا دەبینین چەندین خانەی ژن هەیە هەرچەندە من ڕەخنەم هەیە لەو خانانە کە ژن دەپارێزن، بەرانبەر کارکردنیان، تەعمولیان لەگەڵ ژنان، بە چۆنێتی بیرکردنەوە، بەڵام کارەکەی ئێمە بووەتە دەستپێشخەرییەك، ئێمە خەریتەی ڕێگامان نەخشاند.

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق ئەوان بەینی ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٣ تاڕادەیەکی زۆر بێدەنگ بووین، چونکە ڕێکخراو شکستێکی گەورەیان پێ خوارد ناڵێم شکستی گەورەی خوارد، ناڵێم خۆمان شکستەکەمان خوارد. پاش لێدانی حیزبی کۆمۆنیست لە لایەن یەکێتییەوە، ئەوە زانراوە.

**هاوڵاتی:** ئێوە ڕێکخراوی سەربەخۆو حیزبی کۆمۆنیست ڕێکخراوێکی سیاسی، ئەمە مانای ئەوە نییە حیزبی کۆمۆنیست لە چ ژینگەیەك بێت ئێوەش هەر لەوێن؟

**ڕێگا ڕەئوف:** ئێمە ڕێکخراوێکی چەکداری شۆڕشگێری نەبووین، نەهاتبووین بۆ ئەوەی ڕژێم بڕوخێنین، کەچی ئێمە زەربەیەکی گەورەمان خوارد، یەکێتی دەرگای بارەگاکانی پێداخستین، بەڵام ساڵی ٢٠٠٣ ڕێکخراوی ئازادی ژنان پێکهات ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنانیش چووەتە ناوی.

**هاوڵاتی:** هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوەکەتان هەر لەوێ کار دەکەن یان خۆیان خانەنشینکردوە؟

**ڕێگا ڕەئوف:** ئەو لێدانەی ڕێکخراوەکەمان وایکرد زۆربەمان بچینە دەرەوەی وڵات تەئسیرێکی لەسەر کارەکانی ئەندامانی ڕێکخراوو فەعالیمان هەبووە، لێرەلە کاری ٢٤ سەعات بچیتە وڵاتێك هیچ کارێك نییە ڕۆحیەنو حەتا سیاسییەن کاریگەی هەیە لە وڵاتێك کار دەکەین زۆربەی زۆری مافەکانی ژن هاتووەتە دی، بەڵام شتێك نییە هەموو کەس بە سەریا زاڵ بێت بۆیە دەورانێکی دەوێت، بەڵام ڕێکخراوی ئازادی ژنان بەرداومن لە چالاکی لەناوەوەی وڵات.

**هاوڵاتی :** پێتوایە دەبوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارنی عێراق نموونەیەکی جیاوازتر لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی جەماوەری پێکەشبکات ئایا ئەمەی کرد؟ یان پەیوەندییەکە تەقلیدی بوو؟

**ڕێگا ڕەئوف:** پەیوەندییەکی زۆر تەقلیدی بووە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بەر لە حیزبی کۆمەنیستی عێراق دامەزراوە، ئەو شتێکی تاریخیە، بەڵام حیزبی کۆمۆنیست حازر بوو هەتا بە چەکدارەکانی دیفاع لە مافی ئافرەتانو ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بکات، بەڵام وایلێهات کاری ڕێکخراو لەگەڵ کاری حیزبی زۆر تێکەڵ بوو، ئەوانە هەڵە بوو هەر ئەوەش بوو وایکرد کە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بە ڕێکخراوێکی حیزبی بناسرێت هەر چەنە حیزبی نەبوو ئێمە زۆر کەسی حیجابمان هەبوو سەر بە ڕێکخراو بوون، بەڵام کۆمۆنیست نەبوون خەڵکی بێلایەن بوون، وەکو ئێمە کاری دەکرد.

**هاوڵاتی:** بە هۆی ئەوەی ئێوە لەزۆر هەڵوێستدا خۆتان بە یەکەمین دەزانیو دەستکەوتی زۆر کەمیش کە هەبوون، خۆتان دەکرد بە خاوەنی، ڕێکخراوەکانی ژنان کاری هاوبەشیان لەگەڵ نەدەکردن بۆ ئەمەیان چی دەڵێن؟

**ڕێگا ڕەئوف:** من تەحمولی پرسیارەکان دەکەم چونکە ڕێکەوتین گفتوگۆکە کراوە بێت، بەڵام ئەوە وانیە، ئەو کات کاری هاوبەش خراپ بوو، ئێمەشی تیا بووین، ئێستا خراپتریشەو ئێمەشی تیا نین.

# خۆی سووتاندو باوکی نەیهێشت بیبەن بۆ نەخۆشخانە

## کچێك ٥ ساڵ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا دەبەستێتو باوکی ناهێڵێت شوی پێبکات

نێرگز قادر

(س.م) کچێکی تەمەن ١٩ساڵانی باڵا بەرزو دەموچاوێکی غەمگینی هەبوو دانیشتووی یەکێك لەگەڕەکەکانی شاری هەولێرە، لەگەڵ دایكو باوكو دووخوشکی لەخانویەکی بچوکدا دەژیان، ئەو کچە دوای پێنج ساڵ پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕی خاڵی خۆی دەسووتێنێو گیان لەدەستدەدات، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست هاوڵاتی کەوتووە باوکی (س) دوای خۆسووتاندنی کچەکەی نەیهێشتووە بۆ نەخۆشخانەی ببەنو دوای مردنیشی ئامادە نەبووە تەعزیەی بۆ دابنێت.

(ر.م) خوشکی گەورەی (س) لەبارەی گیان لەدەستدانی خوشکەکەی ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەو خوشکەکەی هەمیشە بەیەکەوەبوون، ڕۆژانەش زۆر خەڵك پرسیاری ئەوەیان لێکردوون ئایا ئەوان دوانەن، یان نا، (ر) لەدریژەی قسەکانیدا جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئەو ئاگادری تەواوی ژیانی خوشکەکەیەتی، وتی "لەساڵی ٢٠٠٥ کە پۆلی نۆی بنەڕەتی بوو کوڕی خاڵمی خۆشویست کوڕی خاڵیشم بەهەمانشێوە، ئەو ئەوەندە ئەو کوڕەی خۆشدەویست تەواو کەوتووبوونە ژێر کاریگەری یەکتر، دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ واتە ساڵی ٢٠٠٧ کوڕەکە هاتە داوای خوشکەکەم، بەڵام نەماڵی کوڕەکە ڕازیبوون نەباوکی منیش ڕازیبوو ئەم دوانە ببنە هاوسەر".

بەوتەی (ر) ئەوان دوای ئەو ڕووداوە هەستیان بەوەدەکرد کە (س) خوشکیان ئەقڵی لەدەستداوە، "چونکە لەبەر خۆیەوە قسەی دەکردو چەندینجار حەبی خوارد نەوتی بەخۆیدا کرد بەڵام نەماندەهێشت کە خۆی بسووتێنێت".



خوشکی (س) بەچاوی گریانەوە درێژەی بە چیرۆکی نەهامەتی خوشکەکەیداو هێمای بۆ ئەوەکرد کە دوای ئەو هەموو کێشەیە خوشکەکەی خوازبێنی هاتو باوکیشی وتوویەتی بە شووت دەدەم، خوشکەکەشی دیسان بەخۆشەویستەکەی وت ئەگەر نایەیتەوە بۆداوام خۆم دەکوژم، کوڕەکە پێیوتبوو لەسەرم ڕاوەستە تابچمەوە ماڵەوە پێیان دەڵێم سبەی دێم بۆ داوات پاشان کوڕەکە بەماڵەوەی وتبو خوشكو براکانی ڕازینەبوونو دایکیشی وتبووی ئەوکچە ببێتە خێزانت خۆم دەسوتێنم.

لەبارەی خۆسووتاندنی خوشکەکەی (ر.م ) وتی "(س)ی خوشکم لای من دانیشتبوو کوڕەکە پەیوەندی پێوەکرد نەمزانی چیانووت، بەڵام خوشکەکەم توڕەبوو نەوتی بەخۆیدا کردو لەو کاتە وەك ئەوەی بەدووکەس دەستم بگرن نەمتوانی پێ بڵێم وامەکە یان نەهێڵم، خۆی سووتاند". بەوتەی ئەو خوشکەی س باوکی ڕێگربووە لەوەی کچە سووتاوەکەیان ببرێت بۆ نەخۆشخانە، (ر) ئەوەش ڕووندەکاتەوە دوای ئەو خۆسووتاندنە ماوەی هەشت ڕۆژ نەیان بردووە بۆ نەخۆشخانە، بەڵکو دکتۆریان بردووەتە ماڵەوەو لەماڵەوە چارەسەریان دەکرد، وتیشی «بەڵام زامەکانی گشت لەشی بۆگەنی کردبوو، دوای ئەوە بردمان بۆ نەخۆشخانە پاشان لە١٨-١٠-٢٠٠٩ کۆچی دوای کرد".

(ا .ك) دایکی (س) ئافرەتێکی تەمەن ٥٤ ساڵەی ڕەشپۆشو لاواز لەخەمی کچەکەی هەناسەی بەناڕەحەت بۆ دەدراو ڕاشکاوانە وتی "ئەم کچەی من زۆر توندو تیژوبوو نەمان دەوێرا پێیبڵێین وامەکە دەیوت خۆم دەسووتێنم" دایکی (س) پێیوابوو مۆبایل ماڵی زۆر کەسی وێران کردووە وەك چۆن کچەی ئەوانیشی بە کوشتنداو جەرگی ئەوی سووتاندووە، وتیشی "باوکیشی لەو ڕۆژەوە وازی لەکارهێناوە چەماوەتەوە لە خەمداو نازانین وەڵامی قسەی خەڵك بدەینەوە یان دڵی خۆمان بدەینەوە".

دایکی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە چەند جار پێی وتەوە وامەکەو خۆ پیاو بڕان نییە، بەڵام بەوتەی ئەو قسەو ئامۆژگارییەکانی ئەوی پشتگوێخستووەو بێهودەبوو وتوویەتی "ئەگەر بۆ ئەو نەبم ژیانم ناوێ"، دایکی س وتیشی "ئەو خۆی سوتانو ژیانی لەدوو خێزان تێکدا ئابڕومان چووە هەرکەسێ بەجۆرێ باسمان دەکات".

پەیامنێرەکەی **هاوڵاتی** بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر پەیوەندیکرد (ت.ع) کوڕی خاڵو خۆشەویستی (س) هەرچەندە لەپێشدا ئامادەنەبوو لێدوان بدات توڕە بوو، بەڵام دواتر لەڕێگای خوشکەکەیەوە ئامادەبوو زانیاری بدات.

ئەو کوڕە ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە ٥ساڵە ئەو کچەی خۆش ویستووەو لەقسەی دەرنەدەچوو، ئەو کوڕە لەکاتی قسەکانیدا نەیتوانی بەردەوامبێو دەستیکردە گریانو دوای چەند خولەکێ بێدەنگی بەدڵ تەنگیەوە وتی "حەزدەکەم بمرمو چاوم لەم دونیا بزربێ، ئێمە بۆچی بژین ئەگەر مافمان نییە بەویستی خۆمان

> **"ئەو خۆی سووتانو ژیانی لەدوو خێزان تێکدا، ئابڕومان چووە هەرکەسێ بەجۆرێ باسمان دەکات"**

هاوسەری ژیان دەستنیشانبکەین، نازانم چی بکەم ئارامم نەماوە هەموو ڕۆژێ چاوەڕێم تەلەفۆنم بۆ بکات، زۆر هەست بەتەنیایی دەکەم".

ئەم کوڕە هێماشی بۆئەوە کرد تائێستا دووجارو هەولیداوەخۆی بکوژێ، بەڵام نەیانهێشتووەو تا ئێستاش نەچووەتەوە ماڵ.

هێمن عومەر مامۆستاو توێژەری کۆمەڵایەتی ئەنجامدانی ڕووداوی وای گەڕاندەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەم بۆ کەسەکانی دەرەوەی کێشەکە دووەم خودی خۆیان کەسەکان بوونەتە هۆی گرفتو کێشەی کۆمەڵایەتی، لەڕوانگەیەکی ترەوە تۆمەتبارکردنی لایەنێك بەبێ دۆزینەوەی هۆکارەکان هەڵەیەکی گەورەیە، لەبەرئەوەی تاوانبار دیار نییە پێوستی بەلێکۆڵینەوە هەیە. هێمن عومەر وتیشی "ئەم کێشەیە پاڵنەری خۆی هەیە بۆیە ئەم ڕووداوەی لێکەوتووەتەوە ئەویش دیارە ڕێگریکردن بووە لەپرۆسەی هاوسەرگیری لەم دووکەسە لەلایەن هەردوو خێزانەوە کەئێستا بەبڕوای من ئەوان تاوانبارن، لەلایەکی تر خۆیان خۆڕاگرنەبوون". ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە هێماشی بۆ ئەوەکرد خێزان لەکۆمەڵگاش بنچینەی تاکەکانی هەر خێزانێکن بۆیە بەرپرسن لەڕوودانی هەر کێشەیەك ئەو کەسانەی تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبن بەدڵنیایەوە لەڕووی پەروەردەی خێزانەوە لاوازن ئەوە تاکەکانیش لاوازدەبن دەرئەنجامی ئەم جۆرە کێشەی لێدەکەوێتەوە، وتیشی "پێویستە دیراسەیەکی کۆمەڵناسانە لەسەر ئەم جۆرە کێشانە بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێتو دووبارە نەبێتەوەو سەرەتاو کۆتایی کێشەکە دەرکەوێت کەسی تەوانبار بەسزای خۆی بگات".